# باشوور بەشێك نەبوە لە دەوڵەتی عێراق

شارثریَس، 3 کاتژمێر پێش ئێستا



د.نوری تاڵەبانی

**دەوڵەتی عێراق لە23ی ئابی 1921 بەریتانیا دروستیکردووە، باشووری کوردستان لەو دەمە بەشێك نەبووە لەو دەوڵەتە**

بەبۆنەی تێپەربوونی سەد ساڵ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا لە ساڵی 1921، پێشنیازکرا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی نیشتمانی عێراقی دەستنیشان بکرێت، کە هەڵەیەکی گەورەیە، کورد پێویستە ئەو هەڵەی بەسردا تێنەپەر نەبیت.

لەبەرگی دووەمی کتێبەکەی د. نووری تاڵەبانی، لەژێرناوی:"بیرەوەری و بانێژەباسێک لە نووسینەکانم بە زمانی کوردی"، کە لەم ڕۆژانەدا تێکرا، لەگەڵ بەرگی سێیەمی بە عەرەبی و بەرگی چوارەمی بە زمانی ئینگلیزی دەکەونە بەرچاوی خوێنەران، بابەتێك تەرخانکراوە بۆ ئەو تەوەرەیە، لێرە بە پێویستی دەزانم وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە .

هەموو دەزانین کە لەشکری دەوڵەتی بریتانیا لە ساڵی 1918، ولاتی مێزۆپۆتامیای داگیرکردبوو، پاش ماوەیەك میر فەیسەڵەی کوڕیی شا حسێنی حیجازی لە شامەوە هێنابوو بۆ عێراق تا تاجی پاشایەتی بنێتەسەر. بەشێك لە مێژوونووسانی عێراقی و عەرەبی پێیان وابوو لەژێر گوشاریی عێراقیەکاندا ئینگلیزەکان ئەو کارەیان ئەنجامداوە، تا کۆتایی بە شۆرشی ساڵی 1921(پوره العشرىن) بێنێت و ئەو دەوڵەتەی بۆ عێراقییەکان دروستکردووە. وەکو بەشێك لە مێژوونووسانی کورد ئاماژەیان بۆ کردووە، کورد لەودەمە چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی سێڤەری ساڵی 1920بوو، کە ڕاشکاوانە بەڵێنی پێدانی حوکمی ئۆتۆنۆمیی فراوانی بە کورد دابوو، هەنگاوی پاشتر دامەزراندنی قەوارەیێکی سیاسیی بوو، کە ناوچەی ولایەتی مووسل بگرێتەوە، بە چەند مەرجێکی دیاری کراو.)) فازیل شەوڕۆ.

ئەمەش دەقی بابەتەکەی دکتۆر نووری تاڵەبانی یە:

**ئینگلیز ویلایەتی مووسڵی لکاندوە بە دەوڵەتی عێراق لەبەر بەرژەوەندی ستراتیجیی خۆی لە ناوچەکە و نەوتی کەرکووك**

لە سیمینارێکدا لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی سەر بە زانکۆی سلێمانی، لە 30ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بۆ برای هێژا و دۆستی دێرینم کاك دکتۆر کەمال مەزهەر ڕێکخرابوو، باسێکی بە پێزی لە ژێر ناوی: "هەڵوێستی نەتەوەپەرستانی عەرەب بەرانبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد" پێشکەش کردووە. لە باسەکەیدا بەهێنانەوەی نموونەی مێژوویی، ڕووناکی خستۆتە سەر چەندین پرسیار کە دەمێکە چاوەڕێی وەڵامدانەوەیان دەکەن. کاك دکتۆر کەمالی مێژووزانی کورد، پەردەی لەسەر ڕووی ناسیۆنالیستە عەرەبە توندڕەوەکان لابردووە، چ ئەوانەی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بنیاتنانی ئەو دەوڵەتە هەبووە، چ پاشماوەکانیان لە هەڵگری هەمان بیری نەتەوەیی توندڕەو لە بەعسی و ناسیۆنالیستەکانی تر، ئەوانەی خۆیان بەسەر حوکمی عێراقدا سەپاند لە کوودەتای شوومی شوباتی 1963وە تا نیسانی 2003.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی کە بۆ کێشەی ویلایەتی مووسڵ تەرخان کرابوو، گلەییەکانی جارێکی تر ئاراستەی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کردووە دەڵێت: "لەو ڕۆژگارانەدا ئەوان پێویستییان بەوە بوو دڵنیایی کوردیان بکردایە، چونکە دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ لەسەر هەڵوێستی ئەوان وەستابوو، لەبەرئەوەی کورد لەو ڕۆژگارەنەدا هەڵوێستێکی ئێجگار جوامێرانەی

نواندووه...". ئەگەر بەباشی لە قسەکانی حاڵی بووبم، چونکە لە کۆڕەکەدا ئامادە نەبووم و بەهۆی میدیاوە ئاگاداری قسەکانی بووم، ویستوویەتی بڵێ: هەڵوێستی جوامێرانەی کورد بووەتە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق کە ئینگلیزەکان لە ساڵی 1921 لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دروستیان کردبوو. بۆچوونەکەی ئەگەر بەم شێوە بێت، پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، چونکە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق، لەگەڵ ئەو دۆکیمێنتە نهێنییانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە پاشان بڵاوکراونەتەوە، پرۆسەکە بە شێوەیەکی تر دەخەنە بەرچاو. بەپێی ئەو ڕووداو و دۆکیمێنتانە، ئینگلیزەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی دروستکراو لەلایەن خۆیانەوە هەبووە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، ڕۆڵی کورد لە ناوچەکانی کوردستان دژی ئەو پرۆسەیە بووە. بێگومان بەشێك لەو پیاوماقوڵانەی کورد بەشدارییان کردووە لەو بە ناو "ڕاپرسی"یەی ڕێکخرابوو بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی ویلایەتەکە، ڕەنبێ دەنگیشیان دابێ بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق، بەڵام زۆربەی بەشداربووان، یان بە ڕوونی ئاگادار نەکراونەتەوە لە ئامانجی پرۆسەکە، یان ئەلتەرناتیڤێکی تەسك و ناهەموار خراوەتە بەردەستیان، چونکە داوایان لێکراوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: دەتانەوێ وڵاتەکەتان بەشێك بێت لە عێراق، یان لە تورکیا؟ ئەو خەڵکانەی دەنگیان داوە بۆ مانەوەی ویلایەتی مووسڵی عوسمانی لە چوارچێوەی تورکیا زۆربەیان ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبوون لە تورکیا ڕوویاندابوو. لێرە بۆ نموونە ئاماژە بۆ وەڵامی چەند کوردێکی باکووری کوردستان دەکەم، کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژاوایی پرسیاری لێکردبوون ڕایان چییە لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە وڵاتەکەیاندا ڕوویانداوە و بوونەتە هۆی لابردنی سوڵتان. وەڵامیان بۆ جاری دووەم و سێیەم هەر ئەوە بووە: دەمانەوێ بزانین سوڵتان لابراوە و کێ لە جێگاکەی کراوە بە سوڵتان؟ لە ڕاستیدا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان هەروایان زانیوە سەڵتەنەت هەر دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر سوڵتانیش بگۆڕدرێت، گۆڕینی سوڵتان لە سەردەمی حوکمی عوسمانیدا کارێکی زۆر نائاسایی نەبووە. کە واتە خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبوون کە لە تورکیا ڕوویانداوە، لەو سەردەمە نە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن هەبووە، نە ئەو جۆرە دەنگوباسانە بە ئاسانی بڵاوبوونەتەوە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەك کوردستان. لەوە دەچێت هەتا بەشێك لە سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی کوردستانی لە باشووریش ئاگادارییێکی ئەوتۆیان لەمەڕ باری سیاسی تورکیای کەمالی نەبووبێت. (ئۆزدەمیر) کە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندی بە نوێنەرانی شێخ مەحموودەوە کردووە لە ناوچەی ڕەواندز و جێگاکانی تر، نوێنەری موستەفا کەمال بووە و بە ناوی ئەوەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردوون. سەیر لەوەدایە بەشێك لە نوێنەرانی شێخ مەحموود لەو گفتوگۆیانە کۆنە ئەفسەری ناو لەشکری

عوسمانی بوون و دەبوایا موستەفا کەمال بناسن. لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگم بیستووە، کە ئەفسەری تۆپچی بووە لە ناو لەشکری عوسمانی، موستەفا کەمالی لە نزیکەوە ناسیوە، چونکە ماوەیەك فەرمانداری بەتالیۆنەکەی بووە. ئەگەر زۆر لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد، لە کۆنە ئەفسەرانی لەشکری عوسمانی شارەزای موستەفا کەمال نەبن، دەبێ خەڵکانی تر چەند شارەزای بن؟ خەڵکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانی لە برسیەتی و نەخوێندەواری و دواکەوتن بەولاوە هیچ مافێکی تریان نەبووە و هەموو دەمێك بێ بەش بوون لەهەموو ڕووێکی ئاوەدانی. جەنگی یەکەمی جیهانی (کە بە سەفەر بەلگ ناودەبرا) ببووە هۆی پەرەسەندنی برسیەتی و سەرگەردانی بۆ خەلکی کوردستان، کە بە هەموو شێوەیەك خەریکی پەیداکردنی پاروە نانێك بوون بۆ خۆیان و منداڵە برسیەکانیان. ژیانی خوێندەوار و نیمچە خوێندەوارانی کورد لە ژیانی خەڵکانی تر، ئەگەر خراپتر نەبووبێ چاکتر نەبووە، ئەوانیش سەرقاڵی پەیداکردنی پارووە نان بوون بۆ خێزانەکانیان، ئیتر چۆن ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە بن؟

بێینەوە سەر باسی چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پاشە ڕۆژی ویلایەتی مووسڵ. منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك دکتۆر کەمال دەکەم دەڵێم: کێشەی کورد لە عێراقدا هەرگیز کێشەی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، بەڵکو کێشەی نێوان ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق و گەلی کورد و هێزە نیشتمانییەکانی بووە. کورد بە بەردەوامی لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە زوڵمی لێکراوە، کە حاڵەتێکی بێ بڕوایی و گۆشەگیریی لا دروست کردووە. ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێ و جێ پەنجەی ئەو کارە ناڕەوایانەی دەرحەقیان کراوە لە دەروونی کەسایەتی کورد دەمێنێتەوە. بەڵام نابێ ئەوەیش لەبیر بکەین کە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویداوە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەتەکان بەدواوە. جاران زۆربەی ڕووناکبیرانی فیکری نەتەوەیی عەرەبی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کوردیان بە "هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی دووەم لەسەر خاك و نیشتمانی عەرەب دەدایە قەڵەم"! ئەمڕۆکە هەتا کەناڵە هەڵەوەڕەکانی وەك (الجزیرە) و (العربیە) زاتی ئەوەیان نییە داواکارییەکانی کورد بەو تۆمەتە بشوبهێنن. ئەوان دەڵێن: ئەو فیدراڵییەتەی کورد داوای دەکات ڕێگاخۆشکەرە بۆ جیابوونەوەیان لە عێراق. ئەمە هەر بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی ئەوان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسی و مەزهەبیەکانی عێراقیش بەو شێوە بیردەکەنەوە کە هەندێکیان خۆیان بە "دۆستی" کورد دەدەنە قەڵەم.

قسەکانی سەرەوەمان ڕێگا خۆشکەرن بۆ چوونە ناو باسی چۆنیەتیی لکاندنی ویلایەتی

مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، لێرەدا ناکرێت ئاماژە بۆ هەموو ئەو دۆکیمەێنت و ڕووداوانە بکەم کە بوونەتە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراق، بەڵام دەکرێ دەستنیشانی بەشێکیان بکەم، بەتایبەتی ئەو دۆکیمێنت و نووسین و یاداشتانەی کە چەند کاربەدەستێکی ئینگلیزی ئەو سەردەمە تێیدا بە ڕوونی پەردەیان لەسەر ڕۆڵی خۆیان و هاوکارانیان لابردووە لە پێناو لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە.

ویلایەتی مووسڵ تاکو ساڵی 1878 بە ویلایەتی شارەزوور ناوبراوە و کەرکووك مەڵبەندی بووە، ئەم ویلایەتە بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی تا داگیرکردنی لەلایەن لەشکری بریتانیاوە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی. زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە کورد بوون بەپێی ئەو ئامارانە کە ئینگلیزەکان خۆیان و حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق لە ساڵی 1924 بە مەزەندە کردوویانە. بەپێی ئەو ئامارە باری نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتەکە بەم شێوەیە بووە:

% 70, 6کورد و 8 ,23 % عەرەب و 5, 5 % تورکمان.

پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ بۆ یەکەمجار لە ڕێککەوتننامەی نهێنیی سایکس - بیکۆی نێوان هەردوو دەوڵەتانی بریتانیا و فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی تر دەستنیشانکراوە لە ساڵی 1916. بەپێی ئەو پەیماننامەیە، ویلایەتی مووسڵ درابوو بە فەرەنسا، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بە بریتانیا. ئەم دابەشکردنە خۆی لەخۆیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەی ئەو سەردەمە بە چاوی ئەمڕۆوە تەماشای عێراقیان نەکردووە، بە کیانێکی یەکگرتوویان نەزانیوە.

داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکری بریتانیاوە بووە هۆی دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئینگلیزی لە ویلایەتەکە، بە سەرپەرشتیکردنی چەند ئەفسەرێکی سیاسی. مانەوەی لەشکری بریتانی لە ویلایەتەکە بە پێچەوانەی پەیماننامەی سایکس - بیکۆ بوو. دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی کەرکووك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بووە هۆی چاوگێڕانەوەیان بە سیاسەتی پێشوویان و داڕشتنی ستراتیجیەتێکی نوێ بۆ ناوچەکە. چەندەها کۆبوونەوە و کۆنفرانس لەلایەن وەزارەتی کۆلۆنیاڵی بریتانی و کاربەدەستانیان لە هیندستان بەستراون، کە ئەوانیش بەرپرس بوون لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان لە ناوچەکە.

لە دۆکیمێنتێکی نهێنی کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ساڵی 1916 دا ئاراستەی سوپاسالاری لەشکری بریتانیای کردووە لە عێراق، پێی ڕادەگەیدوون نەکەن نزیکی ئەو ناوچانە ببنەوە کە کوردی لێیە. نووسراوەکە ئیمزای سێر " ئارسەر هێرتزل"ی لەسەرە، کە سکرتێری بەشی سیاسی بووە لە وەزارەتی دەرەوە.

لەهەمان نووسراودا جارێکی تر بە بیری دێنێتەوە چاکترە نزیکی زنجیرە چیاکانی حەمرین نەبێت و بەهیچ شێوەیێك تێپەڕی نەکات. هەر لەو نووسراوەدا سنووری چیاکانی حەمرین دەستنیشانکراوە بەم شێوەیە: "لە سنووری وڵاتی فارسەوە (مەبەستی ئێرانە) دەست پێدەکات تاکو (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە، لەوێوە دەڕوات تا شارۆچکەی (هیت)". هەر لەوێدا نووسراوە "چوونە ئەو ناوچەیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشە لەگەڵ کوردەکان".(1) ئەم نووسراوە بە ڕوونی بۆمان دەردەخات کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ساڵی 1916 دا بایەخێکی ئەوتۆی بە ویلایەتی مووسڵ نەدابوو. ڕازیبوونی حکومەتی بریتانیا بەپێی بەندە نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆ کە ویلایەتی مووسڵ بدرێتە فەرەنسا ئەو ڕاستیە دەسەڵمێنێ. بەڵام داگیرکردنی ئەم ویلایەتە لە مانگی تشرینی یەکەمی (نۆڤەمبەری) 1918 بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی حکومەتی بریتانیا و ئیدارەکەی لە بەغدا سەبارەت بە پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ. ئیدارەی بریتانی لە بەغدا بە جددی کەوتە هەوڵدان بۆ مانەوە لە ویلایەتەکە. مۆرکردنی پەیماننامەی سان ڕیمۆ لە 24ی نیسانی 1920 لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا، بەهۆی هەوڵەکانی لوید جۆرج سەرەك وەزیرانی بریتانیا لەگەڵ کلیمەنسۆ سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بوونە هۆی دەست هەڵگرتنی فەرەنسا لە ویلایەتی مووسڵ، بەرامبەر بەشداریکردنی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی. ئەم کۆمپانیایە پێشتر ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی لە هەردوو ویلایەتی مووسڵ و بەغدای پێدرابوو لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید. کۆمپانیاکە ئەڵمانەکان دایانمەزراندبوو بە هاوکاریکردنی تورکەکان، پاشان ناوەکەی گۆڕدرا، ناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقی لێنرا.

ئیدارەی بریتانی لە عێراق کە ڕاستەوخۆ حوکمی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای دەکرد، کەوتە هەوڵ و تەقەڵادان بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بەو دەوڵەتەی لە تەمموزی ساڵی 1921 بەناوی (مەملەکەتی عێراق) دروستی کردبوو و میر فەیسەڵی کوڕی شاە حوسێنی لە حیجازەوە بۆ هێنابوو کردبووی بە مەلیك بەسەریەوە. هەوڵە نهێنی و ئاشکراکانی ئیدارەی بریتانی لە بەغدا، بە تایبەتی هەوڵەکانی (کۆکس) و (مس بێل) لە کۆنفرانسی قاهیرە و پاش ئەو کۆنفڕانسە، کە لە نووسین و یاداشتە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دەردەکەون، بوونە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی

عێراق لە ساڵی 1925 (2). سێر(ئەرنۆڵد ویڵسن) کە ماوەیەك باوەڕپێکراوی پایەبەرزی/موعتەمەدی سامی بریتانیا بووە لە بەغدا، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "چوونە ناوەوەی مووسڵ لەلایەن جەنەرال (مارشاڵ)ەوە بووە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراو" (3). کاپتن (ستیڤن لۆنگریك) کە لەو سەردەمە ئەفسەرێکی سیاسی بووە لە ناوچەکە، قسەکانی ویڵسن دووبارە دەکاتەوە و نووسیویەتی داگیرکردنی مووسڵ لە پاش ئاگربەستی مۆدرۆس لە 30ی تشرینی 1918 بووە هۆی ئەوەی ئەم ویلایەتە ببێتە بەشێك لە عێراق" (4). دکتور عەبدولڕەحمان بەزاز کە کرایە سەفیری عێراق لە لەندەن لەپاش سەرکەوتنی کوودەتای ساڵی 1963، لە پەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا بە زمانی ئینگلیزی لە ناوەڕاستی 1963 دا سوپاسی بریتانیای کرد، "چونکە بە هۆی ئەوانەوە ویلایەتی مووسڵ گێڕدرایەوە بۆ عێراق."

ئینگلیزەکان ڕێکخراوی "کۆمەڵەی گەلان"یان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکارهێنا. لە پاش مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس، تورکەکان کەوتنە داواکردنی ویلایەتی مووسڵ بە بیانگەی ئەوەی لەشکری بریتانیا پاش مۆرکردنی ئەو ئاگربەستە چووەتە ناو مووسڵ. بۆ پووچەڵکردنەوەی داواکانی تورکیا، ئینگلیزەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سنوورێکی کاتیی لە نێوان ویلایەتی مووسڵ و تورکیا بەهۆی کۆمەڵی گەلانەوە (عصبە الامم). لە مانگی تشرینی یەکەمی 1924 ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، لە بڕیارێکدا هێڵێکی وەهمی داڕشت بە ناوی "هێڵی بروکسێل" وەکو سنوورێکی کاتیی لەنێوان تورکیا و ویلایەتی مووسڵ. هەر لەو بڕیارەدا دەستەیەکی لێکۆڵینەوە ناولێنرا تا بچێتە ویلایەتەکە بۆ لێکۆڵینەوەو دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی سیاسیی ویلایەتەکە. ئەو دەستەی لێکۆڵینەوە لە 16 ی حوزەیرانی 1925 ڕاپۆرتێکی پۆزیتیڤانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردبوو، تیایدا پێشنیازی کردبوو ویلایەتی مووسڵ بخرێتە ژێرچاودێری (ماندێتی) بریتانیا بۆ ماوەی 25 ساڵ. هەر لەو ڕاپۆرتەدا داواکرابوو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و دادوەری و پەروەردە بە دەستی کوردەوە بێت و زمانی کوردی لە ویلایەتەکە زمانی فەرمی بێت، بەڵام پێش دەستپێکردنی ئەنجومەنی گەلان بە تەماشاکردنی ئەو ڕاپۆرتە گرنگە، شۆڕشێکی چەکدارانە لە باکووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران و هاوکارانی دژ بە حکومەتی موستەفا کەمال بەرپابوو. هۆی بەرپابوونی شۆڕشەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی موستەفا کەمال، چونکە لەو بەڵێنانەی پێشتر پێی دابوون، کە ئۆتۆنۆمیێکی فراوان بە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بدات، پەشیمان ببوەوە. کوردەکان پێشتر هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی موستەفا کەمال بۆ دەرکردنی لەشکری یۆنانی لەسەر خاکی تورکیا کردبوو، ئەویش بەرانبەر ئەو

هاوکاریه، بەڵێنی پێدابوون حوکمی زاتی بە ناوچە کوردنشینەکان بدات. ئینگلیزەکان ئەم سەرهەڵدانەی کوردی باکووریان قۆستەوە و داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کرد "هێڵی برۆکسێل" بکرێت بە سنووری یەکجارەکی لە نێوان تورکیا و عێراق. هەوڵ و کۆششیان لەگەڵ بەکارهێنانی نفووزی سیاسییان لەناو ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە بووە هۆی دەرچوونی بڕیارێکی نوێ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە 16 ی کانوونی یەکەمی (دیسەمبەر) 1925، تێیدا هێڵی بروکسێڵ وەکو سنوورێکی فەرمی لە نێوان عێراق و تورکیا قبوولکرا. هەر لەو بڕیارەدا عێراق بە سنووری تازەیەوە، کە هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسراو مووسڵی دەگرتەوە، بۆ ماوەی 25 ساڵ خرایە ژێر ماندێتی بریتانیا. بەشێك لە مێژوونووسان دەستێوەردانی ئینگلیزەکان بەدوور نابینن لە هاندانی سەرانی ئەو شۆڕشەی کورد لە باکوور تاکو پەلە بکەن لە بەرپاکردنی سەرهەڵدانی چەکداری.

لەم کورتە باسەی لێرەدا خستوومانەتە بەرچاو بە ڕوونی دەردەکەوێ هەوڵەکانی ئینگلیز لەپاش داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لە لایەن لەشکرەکەیەوە بوونەتە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراقەوە. بەلای منەوە دۆزینەوەی نەوتی کەرکووك و ناردنی ئەو نەوتە بە هۆی بۆڕی تایبەتەوە لەناو خاکی عێراقەوە تا دەگاتە سنووری سوریا و فەلەستین، لەوێوە بۆ سەر دەریای سپی پاشان بۆ ڕۆژاوا، هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بووە بە عێراق. لەو ڕۆژگارانەدا پەیوەندیی ئینگلیز و تورکیا خراپ بووە، بۆیە نەدەکرا نەوتی کەرکووك لە ڕێگای تورکیاوە ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت وەکو ئەوەی پاشان سەدام حوسێن کردی. ئینگلیزەکان هەوڵ و تەقەڵایەکی زۆریان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەیان دا و بە مەرامی خۆیان گەیشتن.

سەبارەت بەو "ڕاپرسی"یەی کە گوایا کورد بەشداری تێداکردووە و دەنگی داوە بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق، لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی ڕواڵەتی بووەو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەشدارییان تێدا نەکردووە، بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووك. لە کەرکووك جگە لە کورد کە زۆربەیان بەشدارییان تێدانەکردبوو، تورکمانەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووە، بەڵام بۆ مەرامی خۆیان. ئەوان لە پێناوی ڕێکخستنی کار و چالاکییەکانیان بۆ بەشداری نەکردن لەو ڕاپرسییە، ڕێکخراوێکی تایبەتییان پێکهێنابوو بۆ پڕۆپاگەندەکردن دژی ئەو پرۆسەیە. تورکمانەکانی کەرکووك لەو سەردەمەوە ئەو ناوچەیە بە بەشێك لە تورکیا دەزانن، بۆیە ناشێ و ناکرێ پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر دواڕۆژی بکرێت.

لەڕاستیدا ئەو پرۆسەی ڕاپرسییە ڕێکخرابوو تەنیا پیاو ماقووڵانی شار و شارۆچکەکان و سەرۆك عەشیرەت و موختارەکان بەشدارییان تێداکردبوو. ڕاپرسییەکە بریتی بوو لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: دەتەوێ ببی بە عێراقی، یان بە تورك؟! لێرەدا قسەیەکی خوا لێی خۆشبێت، مامۆستا مەلا "عەلی حاجی تۆفیق"ی کۆیەم بەبیر دێتەوە، کە لە سەرەتای هەشتاکاندا بە زمانی مەلای گەورەی کۆیە بۆی گێڕامەوە. دەیگوت لە مەلای گەورەی بیستووە وتوویەتی: (کاتێ ئەو لیژنەیە هاتووتە کۆیە، پرسیاریان لێکردووە ئایا دەتەوێ بتدەینە عەرەب یان تورك؟) لەوەڵامدا پێی وتوون وادیارە دەتانەوێ بەشوومان بدەن! ئەگینا بۆ لێمان ناپرسن چیتان دەوێ؟ لەو ناوچانەی کوردستان کە دانیشتوانی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکە کردووە، بەتایبەتی لە ناوچەی هەولێر و دەڤەری بادینان، بەشێك لەو خەڵکانە داوایان کردووە کوردستان لە ژێر ماندێتی بریتانیا بمێنێتەوە. کە واتە کورد بە شێوەی گشتی، یان بەشدارییان نەکردووە لەو "ڕاپرسییە"، یان داوای مانەوەی ئینگلیزیان کردووە لە کوردستان. هەڵبەتە خەڵکانی دی هەبووە داوایان کردووە ویلایەتەکە ببێت بە بەشێك لە عێراق، بەڵام ڕادەی ئەو خەڵکانە زۆر نەبوون وەکو (ئێدمۆندز) ئیدعا دەکات. لەوەدەچێت ئێدمۆندز بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە پڕۆپاگەندانە ویستوویەتی بە بەردێك دوو نیشانە بشکێنێ. یەکەمیان واپیشان بدات کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ خۆیان ڕازی بوون وڵاتەکەیان ببێتە بەشێك لە عێراق، ئینگلیز ناچاری نەکردوون. مەبەستی دووەمی ئەوەبووە خۆی واپیشان بدات دۆستی کوردە، کەچی هەمیشە هەموو توانای خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی وکۆمپانیاکانی پترۆڵی بریتانی، کە زۆر جاران ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد نەگونجاو بوون. لە سیمینارێکدا لە ناوەڕاستی ساڵی 1964 بەسترابوو لە ئینستیتوێکی ستراتیژی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ڕاشکاوی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقی بەئاگا هێنابووەوە "هیچ حکومەتێ لە بەغدا ناتوانێ لەسەرکار بمێنێتەوە ئەگەر باس لە بەشداریکردنی لایەنێکی دی بکات لە نەوتی کەرکووك"، مەبەستی مورد بووە.

ئەم بەشداری نەکردنەی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان لەو ڕاپرسییە، ئاکامی قانوونیی لێدەبێتەوە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و بایەخێکی تایبەتی هەیە. گەلی کوردستان ئەمڕۆ کە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە، چونکە کاتی خۆی بەشداری لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە نەکردووە و پرسی پێ نەکراوە کە وڵاتەکەیان خستووەتە سەر خاکی عێراق. ئەگەر بڵێین

کورد لەو سەردەمە لایەنگیری لکاندنی ویلایەتی مووسڵی کردووە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق، داواکەی سەبارەت بە دامەزرانەدنەوەی دەوڵەتی عێراق و ڕیفڕاندۆم بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی کوردستان، بە شێوەیەکی تر تەماشا دەکرێت. بەلای منەوە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەشدارییان لە بنیاتنانی ئەم دەوڵەتە نەکردووە، بۆیە ئەمڕۆکە دەتوانێ داوای دامەزراندنەوەی ئەم دەوڵەتە بکات و ئایندەی خۆی دەستنیشان بکات بەو چەشنەی خۆی دەیەوێ.

---

Marina Kent, Oil and Empire, p. 120 ( (1

(2)دایڤد کۆرن، "رجلان اقحما الاکراد بالعراق، مناورات کوکس - ولسن"، حەمید عەبدولمەلیك لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە عەرەبی، هەفتەنامەی "الاتحاد"، ژمارە 326، 9 تەمووزی 1999. هەروەها تەماشای نووسینەکەم بکە لەژێر ناوی: کیفیە تقریر مصیر ولایە الموصل العپمانیە، هەفتەنامەی (الاتحاد)، ژمارە (346) ی 26 نۆڤەمبەری 1999.

(3)Stephen H. Longrigg, Mesopotamia 1917 – 1920, P 92.

Iraq, A Clash of Loyalties 1900 – 1950, p 22